# شایی مەرگ بۆ کەرنەڤالی چارەنوسێکی نا دیار!!! ....

## ئارام بۆگدی .

ناچمە سەر پرۆسەی گینۆساید و قرکردنی خەڵکی کوردستان و کەرنەڤالی بەعسیەکان لە کاتی بە کۆمەڵ کوشتن و قرکردنی کورد لە پرۆسەی ئەنفال و دایەرەی ئەمنەکانی شیمال و ئەو قەسابخانەیەی کە لە مێژووی 35 ساڵدا بەعس درێژە پێ دەری بوو.

ئەوەی لێی تێ گەیشتبم بۆ خوێندنەوەی بنەماو ڕەچەڵەکی خەڵکی کورد ئەوەیە کە تا بڵێی سادەین ولە لوتکەی خوێندەواریشدا سۆز (عاتیفە )بەسەرماندا زاڵە و هەمیشە دەستەمۆی سۆزێکی بێ هودەین کە جگە لە ماڵ وێرانی تا ئەمرۆ ئاسەوارێکی بۆ تێشکانی جەستەو کەسایەتی تاکی کورد جێ نەهێشتووە, پێش ئەم با بەتە ڕەنگە ئاماژەم بەو چەمکە پوچانە دا بێت کە تاکی کورد چەندە زەلیلە لە بەردەم حزب ودەسەڵات و دوا جاریش سکرتێر و سەرۆکی حزب کە لە پێکهاتەی ئەمرۆی کورد دا خۆی لە بنەماڵەی خاوەن ڕێچکەی دەسەڵاتی دەیان ساڵە دا دەبینێتەوە و هەر کەسێك لەو بنەماڵەو دەسەڵاتانەش دەسەڵاتی ڕەهاو موتلەقی لە سەروی یاساکانی ئەو 2هەرێمە هەیەو بۆی هەیە گاڵتەجاری و ئیهانە بە هەر تاکێك لە کرێکارێکی دەست فرۆشەوە تا مامۆستای زانکۆ ڕوناکبیر و ...هتد بکا.!!

یان دە سەڵاتی ڕەهای لە سەر تەواوی ئەگەرەکانی ئەو ناوچەیە هەیە تیایدا خاوەنی دەسەڵاتە و ئەو جۆرە دەسەڵاتەش هەمان دەسەڵاتی ڕەهای سەدەکانی پێشووی قۆناغی دەرەبەگایەتی یە ,کە ئەگەر بەراوردی بکەین لە گەڵ ئەمرۆ دا ئەوا مەکتەبی سیاسی+سەرۆك یان سکرتێری حزب جیاوازیەکی ئەوتۆی نی یە لە گەڵ دەرەبەگێکی ئەو ساتە مێژوویانە,بێجگە لە مانەوەی هەمان ئەقلیەتی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی کە وەك ئاماژەم پێ کرد خۆی لە دەسەڵاتی بنەماڵە دا هێشتۆتەوەو دوا جاریش لە فراوان بوونی دەسەڵاتدا توانیویانە پلەی پاشایەتی وەك پرۆسەی پشتاو پشتی دەسەڵات کە خودی پرۆسێسەکە لە ڕێساکانی ئایین وە هاتووە بەر جەستە بکەن کە ئەوەش درێژە پێدان و هێشتنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵە و خێڵە و تا ئێستاش لە بەشێك ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژئاوای عەرەبی دا ماوەتەوە.

دیارە کورد لەو مێژووە تا ڕادەیەك ڕەنگە بە دوور بوو بێت بە فاکتەری نەبوونی قەوارەی سەر بە خۆ ,لەگەڵ ئەوەی کە ئاهەنگ گێران وەك کولتورێکی پیا هەڵدان بە زۆرەملێ لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژ هەڵاتدا ماوەتەوە ,,,, بەڵاڵام !!!دەبوو خەڵکی (کوردستانی عێێرراق ق)!!!! هەرگیز یان تا ئەو ساتەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی (ئەنفال)وهەموو ئێسك و پروسکی تاوانەکانی بەعس بە کەرنەڤالی (خوێن بەربوونی نەتەوەیەك)نەهێنرێتەوە بۆ کوردستان و گۆڕستانی (ئەنفال) بۆ گینۆسایدی کورد دروست نەکرێ ,,,,ئاهەنگ نەگێرێ,,,

ئاهەنگ گێران بۆ چی ؟و بۆ کام دەستکەوت؟

ئاسایی یە ئەگەر بڵێم هێندە گێلین کە پێش وەخت دەگرین و پێش وەختیش شایی دەکەین بێ ئەوەی ئاورێك لە مێژووی خۆمان بدەینەوە ,کە ئەوەش نیشانەی گەلحۆیی کۆمەڵگەو گەمژەیی بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنگەری و سیما تەڵخ و بێ جوڵەکانی ڕوناکبیری کوردە کە خەریکە سیستەمی (چۆن باش بژیم) دەبێتە فاکتەرێکی نەگریس بۆ هەموو چەمکە ڕۆشنگەریی کان.

بێ بەراورد کردنێکی ڕێژەیی تەواو!!!! بەڵام
پێم وایە ئەو ئا هەنگ گێڕانە گێلانەیەی کە خەڵکی کورد کردی و دەیکا هەمان چەمکە ناشیرینەکانی چەپڵە ڕێزانی سەردەمی بەعسە ,ئەگەر چی کۆمەڵێك جیاوازی لە نێون کات و سەردەم دا هەبێت بەڵام ئەقڵیەتی دەسەڵات هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە و هەمان ئەقڵی یەتی سەردەمی بەعس لە ئارا دا یە , و هەر چەپڵە ڕێزانێکی دوور لە مەعریفە دوور نیی یە ئاکارێکی یان ئاسەوارێکی نا مەعریفی بەرهەم بێنێ,!!!
پاڵاوتنی کوردێك بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق,,و سەرجەم پرۆسەکان چ لە کوردستان و دوای ئەویش لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقە وە دوای 84 ساڵ لە یەکتر تێ نەگەیشتن ئاخۆ کام بەرهەمی بۆ گینۆسایدو ئەنفال هەبێت؟؟لەو ساتەی لە دوای زیاتر لە 2 ساڵ دوای دەسەڵاتی بەعس یەکێك لەو سەرۆك و ..هتد تا دەگاتە سەرۆکە کوردە کەی ئاهەنگی 2 هەفتەیی بۆ گێڕ درا لە جیاتی باس کردنی چارەنوسی 45 میلیۆن کورد دەبێتە سەلاحەدین ی 2 وەم بۆ ڕزگاری و شەرعیەتی بوونی دەوڵەتی فەلەستین!!!!
ئەگەر تێکڕا سەرنجێکی پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق بکەین ئەوا ڕێك پێچەوانەی بەشێکی بەرچاوی بنەماکانی دیموکراسی یە ,چونکە لە پرۆسەی دیموکراسی و لە دەست نیشان کردنی سەرۆکایەتی و کابینەی دەسەڵاتدا دەبێ تاك بە تاکی ئەو کابینە یە هەڵسەنگێنرێ و کەمترین ناگزوری تا خەیانەت..هتد ی دەخرێتە بەر لێ کۆڵینەوە و ئینجا پۆستەکەی پێ دەسپێردرێ.
هەرچەندە ئەو کولتورە لاوازو چەواشەیەی ڕۆژهەلات بەراورد ناکرێ بە کولتوری باڵادەستی یاسای ئەوروپا بەڵام لەو ساتەی ڕۆژانە و ماوەی 2ساڵ زیاترە لە عێراق و پتر لە 13ساڵیش لە (هەرێمەکانی) کوردستان ئەو مینگەمینگە دیموکراسی یە بەگوێی خەڵکدا دەچپێ, واتە لانی کەم ئەگەر بە ڕێژەیەیەکی کەمیش بێ ڕەچاوی پراکتیزەکردنی بکرێ.
پێم وایە پێ دانی پۆستی سەرۆك کۆمار بە لیستی کوردی نەك هەر 6هەفتە پێش 6ی ئەپریل دەست نیشان کرا بوو بەڵکو دوور نی یە پێش پرۆسەی هەڵبژاردن (تەوافق)ی لە سەر کرابێ! و بۆ پۆستی سەرۆك وەزیر و ...هتد
شایانی وتنە پۆستی سەرۆك کۆمار لە یاسای تازەی عێراق دا پۆستێکی ڕەمزی یە و خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نی یە بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتی یەکان ,بە تایبەتی داخوازی و ئامانجە ستراتیژیەکانی گەلی کوردستان کە خۆی لە دیاری کردنی چارەنوس و پێك هێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد دا دەبینێتەوە نەك دوای 84ساڵ لە ئەتك کردن و دوا جاریش ئەنفال و گینۆساید,لەژێر کاریگەری وابەستەبوونی بەحزب =ە وە شانازی بە گرێدانەوەو لکاندنەوە بەوی تر بکا کە تا ئەم ساتە تۆی کورد بە بەشێکی ڤێزەونی پەراوێزی جەستەی خۆی دەزانێ و ئەوەی کە پێشی وابێ دەشێ ئەو ئەقڵیەتە دۆگمایەی یان ئیسلامی یە عەرەبی یە دیموکراتیزە بکا ,ئەوا لەو دۆگمایە چەق بەستوو ترە.!
چونکە ئەگەر بە گشتی شەقامی عەرەبی یش بخوێنینەوە ئەوا دەزانین بە دەگمەنیش جوڵانەوەیەك نابینین دژ بە دەسەڵاتی سەپێنراوی عەرەبی و پێشێل کاری سەرەتا ترین مافەکانی مرۆڤ,بەڵام ئامادەن بۆ دژایەتی کردنی پارچە بوونی عێراق لە مێدیاوە بگرە تا ڕژانە سەر شەقام و ..هتد

بۆ دوا خوێندنەوەش دەڵێم لە کاتێکدا تا ئەم ساتە لۆژیکێك لە ناو خودی نەتەوەی عەرەبی عێراق دا بوونی نی یە بۆ پێناسەی عێراق کە تەنها عێراقی عروبە نی یە !واتە هەموو ئاماژەکان بۆ دەسەڵات و دوا جاریش دەستور و سەرچاوەکانی یاسادانان لە چوارچێوەی هەمان مێژووی ڕابردووی عێراق بەرجەستە دەبن,کە تا ئەمڕۆ بریتی بووە لە ژێردەستەیی بۆ دەسەڵات و دواجاریش خۆی لە سەرکوتکردن وقڕکردنی ئەویتر بینیوەتەوە.

بۆیە پێم وایە دوا میتۆد بۆ ئەو پرۆسێسە تەنها بڕیاردانی چارەی خۆ نوسینە لە هەر شێوازێکی سەربەخۆیی دا بێ بۆ گەلی کوردستان,,ئەگینا هەموو مێتۆدەکانی تر نسکۆو تێشکانە و دامرکاندنەوەی ئامانجە ستراتیژی یەکانی گەلی کوردستانە لە بەشەکانی تری کوردستان .!!